

# مەهاباد پێشەنگی دەورەیەکی نوێی خەباتی جەماوەریی

*عومەر ئێلخانیزادە*

- **له خاڵه به هێزەکانی ئیعتراز‌ی جەماوەریی ئەم جارەی شاری مەهاباد، روون کردنەوەی داخوازییەکانی ئەم حەرەکەتە بوو. ناساندنی بکوژانی شەهید شوانە و سزادانیان، کۆتایی هێنان بە دەست درێژی هێزە ئینتزامییەکان و ئازادکردنی گیراوەکان، ئەم سێ داخوازییە بوون کە بوونە دروشمی هەموو خەڵکی مەهاباد و خۆپیشاندانەکانی هەر رۆژە.**
- **یەکێکی دیکە لە دیاردە گرینگەکانی ئیعترازی سیاسی هەشت رۆژەی خەڵکی مەهاباد ئەوە بوو کە توانیان لە گەڕەکەکان چەشنێك خۆڕێکخستنی جەماوەریی پێك بێنن.**

ماوەی زیاتر لە ساڵێکە شارەکانی کوردستانی ئێران و بە تایبەتی شاری مەهاباد لە بۆنە و دەرفەتی جۆراوجۆردا دەخرۆشێن. بۆ سەرکەوتنی کوردستانی عێراق، بۆ ئاهەنگی نەورۆز جێژن و شایی دەگێڕن، بەرەنگاری دەست درێژی و پێشێلکاری هێزەکانی کۆماری ئیسلامی دەبنەوە و بە گشتیی رواڵەتێکی نوێ لە بزووتنەوەی سیاسی و جەماوەریی دەبیندرێ. دۆست و دوژمن هەست بە یەکگرتوویی زیاتر، بڕوا بە خۆیی و جەسارەتێکی بەرچاو دەکەن کە رۆژ بە رۆژ لە ناو خەڵکی کوردستاندا پەرە دەگرێ و هەر ئەوەش تین و تەوژمێکی نوێی بەخشیوە بە خەباتی سیاسی و مەدەنی لە کوردستاندا.

کۆماری ئیسلامیش لە هەموو دەرفەتێك کەڵکی وەرگرتووە تا بۆ بەرگری لەو رەوتە نوێیە زەبر و زەنگ و توندوتیژی بنوێنێ و خەڵك چاوترسێن بکات. هەڕەشە و گوڕەشە کردنی ئیتیلاعات لە هەڵسووڕاوانی فەرهەنگی و مەدەنی، کوشتار و تەقەی ناوبەناو لە کاسبکاران، داخستنی گۆڤار و رۆژنامە و NGO (رێکخراوە ناحکومییەکان)کان، ئیعدامی هەڵسووڕاوانی سیاسی و هێرشی چەکدارانە بۆ سەر هەر رێپێوان و خۆپیشاندانێکی هێمنانەی خەڵك، نموونەگەلێکن کە بەردەوام دووپات کراونەتەوە.

شەهید کردن و شێواندنی جەنازەی کاك کەماڵی ئەسفەرام ناسراو بە شوانەی سەیدقادر، لاوی خوێن گەرمی مەهابادی، نموونەیەك بوو لەم چەشنە پیلانگێڕیەی کاربەدەستانی حکوومەت کە زۆر زوو لەگەڵ ئیعترازی توندوتیژی شاری مەهاباد بەرەو ڕووبۆوە. هەشت رۆژی بەردەوام خۆپیشاندان و ئیعترازی خەڵکی مەهاباد هەم نموونەیەکی تازەیە لە خەباتی سیاسی و هەم چەندین دەرس و تەجرەبەی بەنرخی تێدایە کە ئاماژەیان پێ دەکەین.

***١ _ بەردەوام بوونی حەرەکەتەکە***

تا ئێستا لە هەر ئیعتراز و خۆپیشاندانێکدا جەماوەری تووڕە و ناڕازی بە مەبەستی ئەوە رژاونەتە سەر کوچە و خیابان تا دەنگی ناڕەزایەتیی خۆیان رابگەیەنن و زۆرجار ئەم کارە خۆڕسك بووە و دوای ماوەیەکی کورت تێك هەڵچوون لەگەڵ هێزە سەرکوتگەرەکان تەواو بووە.

...بەڵام ئیعتراز و خۆپیشاندانی ئەمجارەی مەهاباد لە چەند گەڕەکی سەرەکی و قەدیمی شار سەری هەڵدا، خەڵکی گەڕەك لە ناو گەڕەکی خۆیان حەولیان دا گەڕەکەکانیان کۆنترۆڵ بکەن و پرس و تەگیبری بەردەوامیان بۆ درێژەدان بە ئیعترازەکەیان هەبێ.



دوا بەدوای خۆڕێکخستنی سەرەتایی لە گەڕەکەکان، هەر جارە بە شێوەیەك و لە گۆشەیەکەوە دەڕژانە ناوەڕاستی شار و خۆپیشاندانیان دەکرد. بە ئاشکرا تا ئاخرین رۆژ بەرگریان لە توندوتیژی لە چەشنی بانك شکاندن و ئاور تێبەردانی شوێنەکان کرد و پێش ئەوەی تێك هەڵچوونی توند لەگەڵ هێزەکانی رژیم رووبدات، دەگەڕانەوە ناو گەڕەکەکان و وێڕای ئامادەگی بۆ خۆپاراستن لە بەرامبەر هێرشی رژیم بۆ گەڕەکەکان، نەخشەی چۆنیەتی بەردەوام بوونی ئیعترازەکەیان دادەڕشت. لەم پرۆسەیەدا توانیان چەشنێك هەماهەنگی لە نێوان گەڕەکەکان دا پێك بێنن و بەم جۆرە هەم رێخۆشکەر بوون بۆ بەردەوام بوون و درێژە دانی ئیعترازەکەیان و هەم یەکگرتنی ناوخۆیان پتەوتر کرد.

***٢ _ دیاری کردنی خواست و دروشمی روون بۆ خۆپیشاندانەکە.***

یەکێك لە خاڵە بە هێزەکانی ئیعترازی جەماوەریی ئەم جارەی شاری مەهاباد، روون کردنەوەی داخوازییەکانی ئەم حەرەکەتە بوو. ناساندنی بکوژانی شەهید شوانە و سزادانیان، کۆتایی هێنان بە دەست درێژی هێزە ئینتزامییەکان و ئازادکردنی گیراوەکان، ئەم سێ داخوازییە بوون کە بوونە دروشمی هەموو

خەڵکی مەهاباد و خۆپیشاندانەکانی هەر رۆژە. جیا لەوە هەر ئەم دروشمانە بوون بە دروشمی خەڵکی شارەکانی دیکەش بۆ پشتیوانی لە مەهاباد. ئەم تەجرەبەیە نیشانیدا کە دیاری کردنی مەبەست و داخوازی روون دەتوانێ هەم خەڵکێکی زۆرتر بێنێتە مەیدان و هەم لە میدیا و بیروڕای گشتیدا باشتر بچەسپێ. هەر بۆیەش ئیعترازی ئەم جارەی مەهاباد لە ئێران و دەرەوە و لە هەموو بەشەکانی دیکەی کوردستانیش بە بەرینی دەنگی دایەوە.

### ٣ _ خۆڕێکخستنی جەماوەر.

یەکێکی دیکە لە دیاردە گرینگەکانی ئیعترازی سیاسی هەشت رۆژەی خەڵکی مەهاباد ئەوە بوو کە توانیان لە گەڕەکەکان چەشنێك خۆڕێکخستنی جەماوەریی پێك بێنن. پێشووتر نموونەی بنکەکانی شاری سنە و کۆچی مەریوانمان هەیە کە هەموو خزمەتگوزاری و ئیدارەی ئۆردووگا و گەڕەکەکانیان لە کاتی شەڕی شاری سنە و کۆچی مەریوان، بە دەستەوە گرت. ئەم جارەش لە مەهاباد خەڵك لە هەموو گەڕەك نیگابانیان لەخۆیان دانا، رێگای هاتوچۆی بۆ گەڕەکەکانیان کۆنترۆڵ دەکرد، هەموو کەسی خەڵکی غەیری گەڕەکی خۆیان تا دەیانناسی و زانیاریان لەبارەیانەوە کۆ دەکردەوە دەخستە ژێر چاوەدێری تا بەرگری بکەن لە دزەکردنی سیخوڕانی رژیم بۆ کۆڕوکۆمەڵەکانیان. دوکان داخستن و تەعتیلی شار بە جۆرێك بوو کە ژیانی ئاسایی و خزمەتگوزارییەکان تووشی گرفتی جیددی نەبن.

بۆ نموونە تەنیا چەند سەعاتێك و لە کاتی پێویست دا شاریان تەعتیل دەکرد و نەیاندەهێشت خەڵك مەحتەڵی دابین کردنی نیازەکانی رۆژانە بن. گرتنە پێشی ئەم شێوازە بوو بە هۆی چەشنێك دابەشکردنی ئەرك و وەزیفە و پێکهێنانی هاوئاهەنگی. دابەشکردنی ئەرکەکان بوو بە هۆی شکڵ گرتنی گرووپ گەلی جۆراوجۆری جەماوەر کە هەموو خەڵکی گەڕەك وشار بە قسەیان دەکردن و رێزیان لە وەزیفە و کاریان دەگرت. نەزم و یاسای پەسندکراوی جەماوەر بە دڵ و بەگیان لە لایەن هەموانەوە قبووڵ دەکرا و بەرێوە دەچوو و بەم جۆرە هاوپشتی و یەکگرتوویی خەڵك رۆژ بە رۆژ بەهێزتر دەبوو.




ژیری و وشیاری سیاسی خۆپیشاندەران بە رادەیەك بوو کە وێڕای ئەوە ئامادەگی دیفاع لە خۆیان هەبوو، نیاز و پیلانی هێزەکانی رژیمیان بە مەبەستی تەقە ساز کردن و خویناوی کردنی خۆپیشاندانی هێمنانەی جەماوەر، پوچەڵ کردەوە.

هـەموو ئـەو راسـتيانە دەيسـەلمێنن كـە بـەڕێوەبردن و بـەردەوام بـوونی ئيعترازێكـی چـەند ڕۆژە ئـاوا سـەركەوتووانە، دياردەيـەكی تازەيـە لـە خـەباتی سياسـی ئـەو سـەردەمەی بزووتنـەوەی كوردسـتان و نيشانەی گەشـەی زەرفيـەتی خەباتكارانـەی خـەڵكی كوردسـتانە. بـێ گومـان هەڵسـوكەوتی ئـەو هەشـت ڕۆژەی خـەڵكی مەهاباد وەك تەجرەبەيـەكی بە نرخـی خـەباتی سياسـی و جەماوەری دەبـێ چاوی لێبكرێ و تەئسيری گرينگ لەسەر هەموو كوردستان دادەنێ.

پشـتيوانی هـەموو خـەڵكی كوردسـتان، ئيعـتيراز و خۆپيشـاندانی چـەند شـار و ڕێپێـوان و خـۆ پيشـاندانی كوردەكانی دەرەوەی وڵات بۆ پشـتيوانی لـە داخوازيـەكانی خـەڵكی مـەهاباد، ئـەو دياردانـەن كـە مەسـەلەكەی لـە چوارچێوەی مەهاباد بردۆتـە دەرێ و كردويەتـە مەسـەلەی هـەموو گـەلی كـورد لـە كوردسـتانی ئێـران. بـەرەنگاری دڕندانەی هێزەكانی ڕژيم، هێنانی هێز بۆ هەموو شارەكانی كوردستان و ميليتاريزە كردنيان و گـرتن و زينـدانی كردنـی سـەدان كـەس لـە مـەهاباد، لـە لايەكـەوە پيشـاندەری نيـازی چـەپەڵی داروودەسـتەی ئەحمـەدی نيـژادە بـۆ سەركوتی گەلی كورد و لە لايەكی ديكەوە بێ پێگەيی و ترسی كۆماری ئيسلامی دەنوێنێ. تەنيا يـەكگرتوويی و بەرەنگار بوونەوەی ڕژيم لە لايەن هەموو كوردستانەوە دەتوانێ لەو دەورەيەدا ببێتـە مايـەی پاشەكشـەی ڕژيـم و تێپەڕكردنی سەركەوتوانەی ئەم قۆناغە تازەيەی خەباتی خەڵكی كوردستان.